عەلاوی هانا بۆ ئەمریکا دەبات
بۆ لاپەڕە 3

گوندەکان تۆپباران دەکرێن، کێ بەرپرسیارە؟
بۆ لاپەڕە 4

ئەرگەنەکۆن ترۆپکی کێوێکی سەهۆڵە
بۆ لاپەڕە 5

عێراقیەکان لەنێو شەپۆلی بودجەدا
بۆ لاپەڕە 6

هۆمەر شێخ موس لە کتێبێکدا
بۆ لاپەڕە 7

رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7– 2000 بڵاوبۆتەوە...ژمارە(242) یەکشەممە27- 06- 2010

گروپی ئاشتی دادگەیی دەکرێن

دوای ئەوەی لە ساڵانی رابردوو لەسەر داوای عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان چەند ئەندامێکی پەکەکە لە کەمپی مەخمورو سەربازگەی قەندیل و وڵاتانی ئەورۆپاوە بەرەو تورکیا گەڕانەوەو خۆیان رادەستی دەوڵەت کرد، ئێستا دادگەییکردنی ئەو کەسانە بە ئاشکرا دەستی پێکردوەو دۆسیە بۆ سی کەس لەوان کراوەتەوە. هەندێک لەوان بە 20 ساڵ تا 22 ساڵ زیندانی کردن سزا دراون.

بازاڕی ماددەی 140 گەرم دەبێ و مالکی کێبەرکێ دەکات

دوای ئەوەی هاوپەیمانی فراکسیۆنی کوردستانی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی وەک مەرجێک بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتلافەکانی دیکەی عێراق دیاریکرد، هەریەکە لە ئیئتلافی ئەلعێراقیەو ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا ئامادەیی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە پێشان داوە.

حەسەن سنێد ئەندامی ئئیتلافی دەوڵەتی یاسا ئاشکرای کردوە کە دەوڵەتی یاسا ئامادەیە بەنووسین گەرەنتی بدات بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق، کە ئەوەش واتای یەکلاییکردنەوەی کێشەی جێناکۆکەکان دەگەیەنێ.

لایەنی کوردستانی لەبەرانبەر ئەو لێدوانەدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە، بەڵام کوردستانیان بە گومانەوە لەو لێدوانە دەڕوانن، چونکە پێشتریش هەریەکە لە ئیبراهیم جەعفەری و نوری مالکی بەڵێنیان دابوو کە ماددەی 140 جێبەجێ بکەن ، بەڵام بە درێژایی 5 ساڵی رابردوودا بەڵێنەکانیان نەبردە سەر و هیچ هەنگاوێکیشیان بەرەو ئاسایی کردنەوەی رەوشی پارێزگای کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە هەڵنەگرتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە رۆژ دوای رۆژ گوشارەکانیان چڕتر دەبۆوە، کارمەندانی کورد لە کەرکوک فەسل دەکران و فەرمانبەرانی عەرەب دادەمەزرێندران.

هەرچەندە کە نوری مالکی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران هەموو سازشێک پەسەند دەکات، بەڵام کێبەرکێ کردن لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140 لەلایەن نوری مالکیەوە بە دوور دەزانرێت.

رۆژەڤ

تۆپبارانکردنی گوندو ئاواییەکانی باشووری کوردستان لەلایەن تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و وڵاتی تورکیاوە ئەو راستیە پێشان دەدات کە تا ئێستاش سەرانی ئەو وڵاتانە بە لۆژیکی سەردەمی بەردینەوە، واتە بە شەڕو کوشتار رەفتار لەگەڵ کێشەی گەلی کوردستاندا دەکەن، پێیانوایە کە بە کوشتن و قڕکردن هەم بزاڤی رزگاریخوازی لەبێن دەبەن و هەمیش گەلی کوردستان بەچۆک دادەهێنن!! بەڵام ئەزموونەکانی رابردوو سەڵماندویانە کە تا ستەم و زۆرلێکردن بمێنێ و لە ئاست داخوازیە رەواکانیی گەلێک چاو دابخرێ، هێزی بەرخۆدان و راپەڕینی گەلی ستەملێکراو ئەستوورو بەرفراوانتر دەبێتەوە.

رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری تورکیا ئەگەر دەیانەوێ وڵاتەکانیان لە ئارامی و هێمنایەتیدا بەسەر ببەن، دەبێ هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستان هەڵبگرنەوە، رێ دانوستاندن و گفتوگۆ لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی بگرنە بەر. لەسەر مێزی گفتوگۆدا کێشەو ئاریشەکان وردبکەنەوەو چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە، چونکە زمانی چەک و هێز لەبەرانبەر ویستی خۆڕاگری نەتەوەکاندا ناکام ماوەتەوە، ئیتر کاتی ئەوەش هاتووە کە رێبەرانی ئەو وڵاتانەش سەیرێکی جیهانی نوێ بکەن و راستیە هەنووکەییەکان بخوێننەوە، دەنا بەردەوام بوون لەسەر هەمان رێبازی کۆن و هێشتنەوەی هەمان رەوش نەک سودو قازانج بەوان ناگەیەنێ بەڵکو گرژی و ئاڵۆزی و ململانێکان قوڵتر دەکاتەوەو سەرەنجام بە زیانی خۆیان تەواو دەبێ.

ئەگەر ئێران و تورکیا مافە رەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی وڵاتەکانیاندا بسەڵمێنن ، ئیدی تێکۆشەرانی گەلی کوردستانیش پێویستیان بەوە نابێ کە چەک هەڵبگرن و چالاکی سەربازی ئەنجام بدەن. ئەوکاتە شێوازی خەباتی سەردەمیانە درێژەی پێدەدرێ، گەل و نەتەوەکانیش لە ئاشتیدا دەژین.

پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی کۆتاییهاتنی سێهەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانی

رێزدار مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان!

دوای سڵاوو رێز!

بەبۆنەی سەرکەوتنی کارەکانی سێهەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵبژاردنەوەی بەرێزتان وەک سکرتێری گشتی، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆم و هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستان پێشکەش بە بەرێزتان و ئەندامانی یەکێتیی و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەم، هیواخوازم و دڵنیایشیم کە بە رێبەرایەتیکردنی بەرێزتان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وەک هەمیشە بەهێز دەمێنێتەوەو لە پێشەنگایەتیکردنی داخوازیەکانی ئەم قۆناغەی گەلەکەماندا پشکی گەورە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات.

هەر بەو بۆنەیەوە هیواخوازین کە پێوەندی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی رزگاریی کوردستان بەرەو گەشەپێدان و پێشکەوتنی زیاتر بڕوات.

رێزو سڵاومان دووپات دەکەینەوە.

دڵسۆزتان

رێکار ئەحمەد
سکرتێری گشتی
حزبی رزگاریی کوردستان

2010-6-19

نەجمەدین ئەربەکان رەخنەی توند لە تەیب ئەردۆگان دەگرێ

نەجمەدین ئەربەکان، سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا، لە هەڤپەیڤێنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی شەرقولئەوسەتدا رەخنەی توندی لە رەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆک وەزیرانی ئێستای تورکیا، کەسەرۆکی پارتی دادوگەشەپێدانە گرتووەو بەوە تۆمەتباری کردوە کە لە رێبازی ئیسلام لای داوە.

ئەربەکان گوتویەتی: پێنج ساڵ لەمەوبەر کە ئەربەکان حکومەتی پێکهێنا لە ئیسلام دوور کەوتەوە.

لە درێژەی قسەکانیدا رایگەیاندوە کە خەڵک لە ناچاریەوە دەنگیان بە پارتی دادو گەشەپێدان داوە، دەنا حەز بە چارەی سەرکردەکانی ئەو پارتە ناکەن.

ئەربەکان کە سەرۆکی پارتی رەفای هەڵوەشاوە بووە، گوتویەتی: ئەردۆگان لە پارتی رەفا قوتابییێکی فاشیل بوو، سەرکەوتوو نەبوو، ئەو لە قوتابخانەدا لە دەرگەی پشتەوەرا هەڵات و رایکرد!

نەجمەدین ئەربەکانی تەمەن 81 ساڵ، کە سەرکردەیێکی ئیسلامخوازێکی ناسراوە، پێیوایە کە پارتی دادوگەشەپێدان تەنیا کراسی ئیسلامی لەبەردایە، دەنا لە ئیسلام دوور کەوتۆتەوە. تەنیا سەدا پەنجای ئەو دەنگانەی کە وەریگرتوە هی خۆیەتەی، ئەوەی دیکە لە ناچاریەوە خەڵک پێیان داوە.

چۆنێتی گیرانی سێ گەشتیارە ئەمریکیەکە ئاشکرا دەبێ

هەفتەنامەی نێیشنی ئەمریکی دوای لێکۆڵینەوەیەکی پێنج مانگی ئاشکرای کردوە کە سێ گەشتیارە ئەمریکیەکە لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان دابوونە، بەڵام هێزێکی سوپای پاسداران لەرێی کەسێکەوە هەستیان بەبوونی ئەوان کردوە، بۆیە هاتوونەتە ناو خاکی باشووری کوردستان و ئەوانیان دەستگیر کردوە.

هەفتەنامەی نێیشن نووسیویەتی دوو کەس ئەو هێزەی ئێرانیان بینوە کە هاتونەتە ناو خاکی هەرێم و ئەو سێ کەسەیان دەستگیرکردوە.

جێی ئاماژەیە کە ساڵی رابردوو سێ گەشتیاری ئەمریکی لە گوندەکانی سەر سنوور بێسەرو شوێن بوون، دواتر دەرکەوت کە لەلایەن ئێرانەوە دەستگیرکراون.